شنیار محەممەد:

# هەموو کەسێک شایەنی ئەوە نییە ببێتە مۆدێل و نمایشکاری جلوبەرگ



**تەمەنی ٢٤ ساڵەو زیاتر لە ٢١ ساڵە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژیت، شنیار لە ساڵی ١٩٩٣ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، وەکو خۆی دەڵێت ئەو یەکەم خانمی کورد بووە، لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی یوتیوب ڤیدیۆی فێرکاری چۆنیەتی مەیك ئەپکردنی خانمانی بە زمانی کوردی بڵاو کردووەتەوە، هەر لەم ڕێگایەشەوە ناوبانگی بەدەست هێناوە، ماوەی چەند ڕۆژێك بوو گەڕابوویەوە کوردستان و چەند وۆرکشۆپێکی لەبارەی هونەری مەیك ئاپکردن ئەنجامدا، لەم هەڤپەیڤینەدا زانیاری لەسەر دوایین پرۆژەو چالاکییەکانی دەخاتەڕوو.**

سەرەتا باس بڕوانامەی باوەڕپێکراوەکانی لە بواریمەیك ئەپدا دەکات و دەڵێت: من زیاتر لە حەوت ساڵە لە ئەڵمانیا خاوەنی ئارایشتگای خۆمم، شارەزاییەکی باشم لەکاری جوانکاری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی براندێکی تایبەت بەخۆمم و شانازی پێوە دەکەم، کە وەکو کچە کوردێك لەم بوارە کاردەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشحاڵم کە خاوەنی حەوت بڕوانامەی جوانکاریم و چوار بڕوانامەی ئاریشتگام هەیە.
سەبارەت

بە گەڕانەوەی بۆ کوردستان و بەردەوامبوون لە کارەکەی دەڵێت: هاتنەوەم بۆ باشووری کوردستان خۆشەویستم بۆ هەوادارنم بوو، کە دەمێکە بەڵێنم پێداون لە نزیکەوە یەکدی ببینین و ئەو زانیاری و توانایەی لە بواری جوانکاری هەمە لەگەڵ ئەوان دابەشی بکەین، زۆر خۆشحاڵ بووم، کە توانیم دوو وۆرکشۆپ لە سلێمانی و دووش لە هەولێر ئەنجام بدەم، کە هەوادارێکی یەکجار زۆر سوودیان لەم وۆرکشۆپە بینی، کە تایبەت بوو بە جوانکاریی خانمان. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە لەم سەردانەمدا زۆر شت سەرنجی راکێشام و زۆر سەرسام بووم، بەو قوتابییە زیرەکانەی وۆرکشۆپەکەم، پڕ بەدڵ هەواڵیان بۆ هێنانەدی خەون و حەزەکانی خۆیان لە بواری جوانکاری دەدا، هەڵبەتە بەشێکی زۆریان توانییان دەسترەنگی خۆیان لەم بوارەدا نیشان بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر خۆشحاڵ بووم کە توانیم زانیارییەکانی خۆمیان لەگەڵ بەش بکەم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

شنیار بۆچوونی تایبەتی هەیە دەربارەی تێڕوانینی خانمانی کوردستان بۆ هونەری مەیك ئەپکردن و لەم بارەوە دەڵێت: هەڵبەتە خانمانی کوردستان گرنگییەکی یەکجار زۆر بە مەیك ئەپکردن دەدەن، بەڵام بەداخەوە بەشێوەیەکی پڕۆفیشناڵ لەم بوارە نازانن، یاخود بەتەواوی ئاشنای تەکنیك و بەکارهێنانی بەرهەمەکانی مەیك ئەپ نەبوون و زانیارییەکی زۆریان لەسەر جۆرەکانی مەیك ئەپ نییە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا بوونی سەدان ئاریشتگاو سەنتەری جوانکاری لە کوردستان دیاردەیەکی باشە یان نا؟ شنیار بە کارێکی باشی دەزانێت و دەڵێت: بەڵێ پێم باشە، بەڵام گەر بە پڕۆفیشناڵی کارەکان بکەن، بەداخەوە لە زۆربەی ئاریشتگایەکانی کوردستان زۆربەی جار یەك جۆرە مەیك ئەپ بۆ هەموو جۆرە دەموچاوێك دەکرێت، کە ئەمەش بەپێی ستانداردی جیهانی دروست نییە، چونکە دەبێت بەپێی فۆرنمی دەموچاوە جۆرەی پێست و کێشی خانمەکان مەیك ئەپەکە بگونجێنیت، نەوەکو هەموو دەموچاوێك بە یەك شێواز مەیك ئەپیان بۆ بکەی، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە و نابێت دووبارە بکرێتەوە.

شنیار پێیوایە «هەموو کەسێك شایەنی ئەوە نییە ببێتە مۆدێل و نمایشکاری جلوبەرگ، چونکە لە هەموو جیهان مۆدێل پێوەری تایبەت بەخۆی هەیەو دەبێت لە رووی کێش وباڵاو تەمەنەوە گونجاو بێت، ئەوکاتە دەبێتە مۆدێل، لەگەڵ ئەوەشدا مۆدێلیش جۆری زۆری هەیە، وەکو فۆتۆ مۆدێل، مۆدێلی جلوبەرگ و چەندین جۆری دیکە هەیە، کە پێویستە جیابکرێنەوە.» هاوکات دەڵێت: هەر کەسێك لەگەڵ فۆتۆگرافەرێك وێنە دەگرێت ئەوە مانای ئەوە نییە ئەوە بووەتە مۆدێل. بێگومان زۆر پێویستە ئەم پەیمانگەیە هەبێت، چونکە هونەری مەیك ئەپ هونەرێکی دووردرێژو پڕ گۆڕانکاری و نوێگەرییە، دەیان جۆرە مەیك ئەپ لە جیهان هەیەو هەریەکەو گرنگی خۆی هەیە، وەکو «Fashion Magazine Makeup، daily Make-up، Bridal makeup و cinema Make-up» هەیەو لە جیهاندا بەشێوەیەکی ئەکادیمی دەخوێندرێت، بۆیە پێویستە ئەم هونەرەش لە کوردستان بخوێندرێت.

سەبارەت بەوەی کە ئایا لە رێگەی یوتیوبەوە کەس سوودی لەو وانە هونەرییانە وەرگرتووە کە تایبەت بە فێرکاری جوانکاری پێشکەشی کردوون، دەڵێت: بەڵێ، بە خۆشحاڵییەوە خەڵکانێکی زۆر لەم رێگایەوە سوودمەند بوونەو خانمێکی یەکجار زۆر گوتیان لە رێگەی چەناڵی یوتیوبی شنیار فێری چۆنیەتی مەیك ئەپکردن بووین، هەڵبەتە شانازی بەوە دەکەم، کە من یەکەم کچە کورد بووم، بە زمانی کوردی وانەی فێرکاری مەیك ئەپم لە رێگەی یوتیوب دەگوتەوە.

ماوەیەکە لە کوردستان خانمان روو لە نەشتەرگەی جوانکاری دەکەن، سەبارەت بەمەش شنیار دەڵێت: بە رای من هەموو خانمێك پێویستی بە نەشتەرگەریی جوانکاری نییە، نەشتەرگەریی جوانکاری بۆ ئەو کەسانەیە، کە لەگەڵ دەموچاوی خۆیان زۆر نامورتاحن، یان شوێنێکی دەموچاویان کێشەیەکی هەیە کە دەکرێت بە نەشتەرگەری بۆی رێکبخرێتەوە، من پێموایە خوای گەورە هەموومانی بە جوانی دروستکردووە، هەرکەسەو جوانییەکی جیاوازی هەیە، بەداخەوە ئێستا نەشتەرگەری جوانکاری لە کوردستان بووەتە دیاردەو باو و مۆدێل، خەڵکی باوەڕیان بە جوانیی سرووشتی نەماوەو هەوڵدەدەن لە رێگەی نەشتەرگەری جوانی بەدەست بخەن.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا لە رووی مەیك ئەپەوە جیاوازی لە نێوان خانمانی ئەڵمانی و کورد چییە؟ شنیار دەڵێت: هەڵبەتە جیاوازی هەیە، چونکە خانمانی ئەڵمانی کەمتر مەیك ئەپ دەکەن، زیاتر حەزدەکەن سرووشتی و سادە دەربکەون، ئەوان زیاتر گرنگی بە خزمەتکردنی پێست و لەشیان دەدەن، بەڵام خانمی کورد، زیاتر گرنگی بە مەیك ئەپ و جلوبەرگیان دەدەن، کە ژنانی کورد، کەوتنە تەمەنەوە پێستیان چرچ و لۆچی زیاتر بوو، ئێنجا دەکەونە خۆیان و گرنگی بە پێستیان دەدەن، بەڵام ئەو کات هیچ کرێمێك فریایان ناکەوێت و ناتوانێت چرچ و لۆچی دەموچاویان بشارێتەوە، لەبەر ئەوە، ئەوکاتە تەنیا چارەیان لای دکتۆری جوانکارییەو بە نەشتەرگەری چارەیەکی کاتییان بۆ دەکەن.

# نیها نموونەی ئارام گرتنە

لە میانەی بەرنامەی (No Filter Neha) کە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی کۆمەڵایەتییە و تێیدا ئافرەتێك چەند پرسیارێك ئاراستەی هاوسەریی خۆی دەکات، ئەنجاد بیدیی هاوسەری خانمە ئەکتەری بۆلیۆد نیها دۆبیا نهێنییەکی گەورەی ژیانی خۆی ئاشکرا کرد سەبارەت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئافرەتان دوای ئەوەی ژیانی هاوسەرییان پێکهێنا.

ئاشکراکردنی ئەم نهێنییە وایکرد کە لە بۆلیۆد نیها دۆبیا بە نموونەی ئارامگرتن و زیرەکی وەسف بکرێ کە پێویستە گشت ئافرەتانی هیندستان سوودی لێ وەربگرن، چونکە ئەستەمە هیچ ئافرەتێك ئەوە قبوڵ بکات و کاردانەوەیەکی توندی بەرامبەر نەبێت.

لە سەرەتای دیمانەکەدا کە نیها بەشێکی لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تویتەر بڵاوکردۆتەوە، نیها پرسیاری ئەوەی ئاراستەی هاوسەرەکەی خۆی کرد کە ئایا تا ئێستا پەیوەندیی لەگەڵ چەند ئافرەت هەبووە، لە وەڵامدا ئەنجاد بەبێ دوودڵی وتی: ژمارەکەیان زیاترە لە ٧٥ ئافرەت، بەڵام بۆ ئەوەی کەمێك لە کاردانەوەی هاوسەرەکەی و هەوادارانی خۆی کەم بکاتەوە وتی: من منداڵێکی شەرمن بووم و ئێستاش بە هەمان شێوە شەرمنم، بەڵام کاتێك لە دلهییەوە رووم لە بۆمبای کرد بارودۆخەکەم بە تەواوی گۆڕا و زۆر هاوڕێی نوێم ناسی، ئەو کات لە بارودۆخێکدا بووم کە لە سەرەتای قۆناغی ناسینی خودی خۆم بووم.

دواتر ئەنجاد باسی لە چۆنیەتی ناسینی هاوسەرەکەی کرد و وتی: ماوەی دوازدە ساڵە دەیناسم، سەرەتا لە چێشتخانەیەکی چینی بینیم و زۆریش سەرنجی راکێشام، کاتێك کە هاتمە بنجاب و وێنەی یەکێك لە فیلمەکانم لەگەڵی دەکرد، ئەو کات یەکەم جار هەستم کرد کە من حەز دەکەم لەگەڵی بم، ئافرەتێکی زۆر جوان بوو و هەمیشە لەگەڵم بوو، بۆیە چوومە لای دایکی و پێمگوت کە من دەمەوێ ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچەکەت پێکبێنم، دایکی لە وەڵامدا وتی: کچەکەم زۆر نەزانە ئەگەر کەسێکی وەك تۆی خۆش نەوێت و هەڵەیەکی گەورەش ئەنجام دەدات کە بە تۆ رازی نەبێت.



## داکوتا جونسون:
## شانازی بە رۆڵەکانم دەکەم

خانمە ئەکتەری ئەمریکی داکۆتا جۆنسۆن رایگەیاند کە ئەو بە هیچ شێوەیەك پەشیمان نییە لە گشت ئەو رۆڵانەی تا ئێستا لە فیلمەکانیدا بینیویەتی بەتایبەتی دیمەنە سەرنجڕاکێش و ورووژێنەرەکانی لە فیلمی (fifty shades of gray) لە ساڵی ٢٠١٥ کە مشتومڕێکی زۆری نایەوە.

داکۆتا لە لێدوانێکی بۆ گۆڤاری (هۆلیۆد ریپۆرتەر) وتی: بە هیچ شێوەیەك پەشیمان نیم لە رۆڵەکەم و ئەگەر دەرفەتم بۆ بڕەخسێت بە بێ دوودڵی ئامادەم گشت دیمەنەکانی ئەو فیلمە دووبارە بکەمەوە، چونکە ئەو کاتە ئەو رۆڵەم خۆشدەویست و بڕوایەکی تەواوم پێی هەبوو، من شانازی بە گشت دیمەنەکانی ئەو فیلمە دەکەم و کاتێك سیناریۆکەم خوێندەوە زۆر دڵخۆش بووم و گرنگییەکی زۆریشم بەو رۆڵە دا، بۆیە رێز لەو رۆڵە دەگرم و هەست بە هیچ تاوانێك ناکەم .

هەر لە درێژەی دیمانەکەدا داکۆتای تەمەن ٢٩ ساڵە وتی: یەکێك لە دیمەنەکانی فیلمێکی ترسناك بە ناوی (Suspiria) وای لێکردم کە روو لە پزیشکێکی دەروونی بکەم بۆ رزگاربوون لە کاریگەرییە نەرێنییەکان کە لە کاتی تۆمارکردنی ئەو فیلمە دوچاری ببووم، ئەگەر سەردانی پزیشکی دەروونیم نەکردبا، زیانێکی زۆری پێ دەگەیاندم و بە ئاسانیش لێی رزگار نەدەبووم.





# ترەمپ ڕێز لە ئەلڤێس برێسلی دەنێت

دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکی گەورەترین مەدالیای مەدەنیی ئەمریکا کە مەدالیای ئازادیی ئەمریکایە بەخشییە گۆرانیبێژی کۆچکردووی ئەمریکی ئەلڤیس برێسلی ئەمەش لەگەڵ یەکەم ئاهەنگ کە ترەمپ ئامادەی بوو لە دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیی ئەمریکا.

بەم بۆنەیەوە کۆشکی سپی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: ئەلڤێس برێسلی وەك تابلۆیەکی نەمری ئەمریکا دەمێنێتەوە و یەکێکە لەو شەش کەسانەی کە کۆشکی سپی بە شایەنی ڕێزگرتنی دەزانن، چونکە ڕەمزی کەلتووری ئەمریکایە و بە ملیۆنان هەواداری هەبووە لە سەرتاسەری جیهان، و توانی زۆر جۆری مۆسیقا تێکەڵ بکات، لەوانە مۆسیقای ئایینی و مۆسیقای میللی و مۆسیقای ئەند بلۆز، بەمەش ستایلێکی تایبەت بە خۆی دروست کرد.

هەر بەم بۆنەیە دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا لەو ئاهەنگەدا وتی: ئەمریکا باشترین کەسانی خاوەنی بەهرەی هەیە لە سەرتاسەری جیهان و یەکێك لەوانە ئەلڤێس برێسلییە، بە شانازییەوە برێسلی دەچێتە خانەی ئەو کەسانەی کە پێشتر ئەو خەڵاتەیان بەدەستهێناوە وەك گۆرانیبێژان فیتزجیرالد، پۆپ دیلان و تێکست نووسی گۆرانی ستیڤی واندەر.

شایەنی باسە مەدالیای ئازادیی سەرۆکایەتی و مەدالیای زێڕینی کۆنگرێس بە دوو لە گەورەترین خەڵاتی ئەمریکا دادەنرێن کە پێشکەش بە کەسانی مەدەنی دەکرێن.

# وەک گوتمان هەر وا دەرچوو..
# هەولێر خۆشترە لە جاران



فەرهەنگ غەفوور


لە سەرەتای ئەم ساڵدا و لە وتارێکدا گوتمان کە "لەو قسەی لێ کەن هەولێر خۆشە بێ"، ساڵەکە هات و وا خەریکە تێدەپەڕێ، لە سەرەتای هاتنیەوە، دەستمان کرد بە ئەنجامدانی چەندین چالاکیی هونەری و رۆشنبیری و فیستیڤاڵی جۆراوجۆر، لە بواری شانۆ و موزیك و شێوەکاری و پەیکەرسازی و تێکڕای هونەرە جوانەکان و بواری رۆشنبیری، بەمەش سەلماندمان کە هەولێر، هاوشان لەگەڵ ئەو ئارامییەی تیایدا بەرقەرارە و لەگەڵ ئەو ئاوەدانییەی کە بەردەوام پڕۆژەی نوێی بنیادنان و جادە و رێگاوبان و کۆمەڵگەی پیشەسازی و نیشتەجێبوون، لە بواری هونەر و رۆشنبیریشدا خزمەت و چالاکیی جۆراوجۆر و بەردەوامی هەبووە.

وا بەرەو کۆتایی ساڵ دەچین و هێشتا لەناو چالاکیداین، لەم مانگەدا و لە (٢١-٢٣ی ١١)دا بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری هەولێر، لەڕێی بەشەکانی هونەری سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر و هونەرمەندانی میوزیکژەن و دەنگبێژان، فیستیڤاڵێکی گەورەی میوزیك، بە بەشداریی چەندین تیپ و گروپی میوزیکی هەر چوار پارچەی کوردستان، لە هەولێری پایتەختدا ساز کرا، دوای ئامادەسازییەکی بێ وێنە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەو فیستیڤاڵە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو، کە هەم تیایدا ئاست و توانا هونەرییەکانی خۆمان پیشانی ناوخۆ و دەرەوە دران و هەمیش تین و گوڕێکی دیکە وەبەر گیانی هونەرمەندانی شارەکەمان کرایەوە.

هەر لەم ساڵەدا و لە دوا مانگیدا، بڕیار وایە بەشی هونەری شانۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری هەولێر، لە ناوەڕاستی مانگی دیسێمبەردا فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ شانۆ لە هەولێری پایتەخت، بە









بەشداریی چەندین تیپی شانۆیی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان ئەنجام بدەین، بۆ ئەمەش، ئامادەسازیی تەواومان کردووە و دەمانەوێ لەو رێگایەشەوە خزمەتێکی گەورە بە رەوتی هونەر و رۆشنبیری بە شارەکەمان و بە کوردستان بکەین. ئەم چالاکی و فیستیڤاڵانە کە بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان بە پشتیوانی وەزارەتی رۆشنبیری ئەنجامیان دەدات، روویێکی دیاری چالاکییە هونەرییەکانی شارەکەمانە و ئەوەی بۆمان بکرێ لە خزمەت بە رەوتی هونەر و رۆشنبیری لە شارەکەمان و کوردستان دریغی ناکەین.

وەك سەرەتای ساڵیش ئاماژەمان بۆی کرد و بەڵێنمان دا کە دەبێ هەولێر لە هەموو سێکتەرەکان هاوشان دەچێتە پێش و رۆژ دوای رۆژ گەورەتر و جوانتر و پێشکەوتووتر دەبێ، بۆ هەموو لایەکیش دەرکەوت، کە هەولێر وەك یەکێك لە پایتەختە هەرە ئارامەکان لەسەر ئاستی جیهان دەستنیشان کرا، ئەمەش لەسایەی دامەزراوەی ئاسایش و پۆلیس و لایەنی پەیوەندیدار و شەونخوونییانەوەیە، هەروەها لە رووی ئابووری و پیشەسازیش بە بەراورد بە شارەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە قۆناغی زۆر گەورە چووەتە پێشەوە و لە بنیادنان و ئاوەدانیشدا نموونەی هەرە بەرز و جوانە، هەرچی رووە هونەری و رۆشنبیرییەکەشیەتی، ئەوا رۆژ بە رۆژ لە هەڵکشان و درەوشانەوەدایە و نە ئێمەش لە خزمەت بەو شارە ماندوو دەبین و نە خەڵکی خۆشمان نائومێد دەکەین، بەڵکو رۆژ دوای رۆژ، دەسکەوت و داهێنان و کاری بەرز و چالاکی بەپێزیان پێشکەش دەکەین. لە کۆتاییشدا ئەمجارە دەڵێین: «لەو قسەی لێکەن هەولێر خۆشتر بی.»

یاخوا هەر ئاوەدان و لە بەرەوپێشچووندا بێ هەولێری پیرە قەڵاو پایتەختی هەرێمی کوردستان.

